

**هاوار طيب**

## تۆ لەمندا و منیش لەنیگاییەکی جەللاددا

ئەمشەو لەدیەی تۆدا
خۆم دەروێنم
لەهۆشیشمدا تۆ
هەتا شیعرێك
چۆك دادەدا و
ئازایەتی دەیگرێ و
دەربەدەری ئەو دیوی
سنووری قیبلەی
تەنیاییمان دەبڕێ و
لەوێشدا
دەگەم بەئاهی تۆ و
تۆش!
دەگەی بەهەستی من
ئەوە منم
تۆم لەنیگاکانمدا هەڵگرتووە و
تۆش!
بێئاگای لەسوتانی من
سوتانێ کەناڵەی نەییش
ناتوانی وەك ڕۆحم بناڵێنێ.

ئەمشەو
نزاکانی تۆ
عەرشی ئاسمانی هەژاند و
خودای لەحەوتەمین
تەبەقەی ئاسمانەدا هێنایە خوارەوە،
کەچی ئەو هێشتا بێدارە و
دەستی هەر سوورە
بەخوێنی عیشق
ئەو لەسەفەری مەرگی من نەگەڕاوەتەوە،
کەچی لەڕێگای کوشتندا

چاوی خۆری
کوێر کرد و
تاریکی بەشکرد
بەسەر مەعشووقەکان و
ڕۆژی لەکچێنی خست و
خوێنی حەڵاڵ کرد
ئای چ زاڵمێکی
مەزڵومە مەزلوم.

لەسەفەری مەرگی مندا
مناڵێکی ساوا
لەسکی دایکیدا بوو،
کەکرایە قوربانی
بۆ گێڕانەوەی شەڕەفی
خێڵێك
ئاخر خودایە !
ئەوە چ نەفرەتییەکە
بەرۆکی عیشقی گرتۆتەوە،
لەگەڵ بەیەك گەیشتنی هەستی عاشقان
جوانییەك دێتە بوون!
کەچی جەللادێکی نەفرەت لێکراو و
دەستی سوور سور بەخوێنی عاشقان
دێ ئەو جوانیە سەردەبڕێ
بۆ گێڕانەوەی
شەڕەفی
شەڕف چووی خێڵێك!
ئەنازانێ
کەشەڕەف
ناوگەڵێ ژنێك یان کچێکی
عاشق بەجوانی نییە!
خودایە!
چ دنیایەکی سەرە
ئەو دێت و
سەری منی عاشق بەعیشق
دەبڕێ و
کەچی خۆشی
تابەیانی .........
ئاخرخودایە ئەوە چ نەفرەتییەکە!.

**ڕانیە**